ئاسایشی نیشتمانی بەقاچاخبردنی زیاتر لە سێ ملیۆن لیتر سووتەمەنی لە بەسرە پووچەڵ دەکاتەوە

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق رایگەیاند، تیمەکانی دەزگاکە بە بەیاری دادوەر هەڵیانکوتایە سەر گەراجێک لە پارێزگای بەسرە کە بە بەقاچاخبردنی سوتەمەنی بەکاردەهات، لەو پرۆسەیە دەستگیرا بەسەر زیاتر لە سێ ملیۆن لیتر سوتەمەنی، هەروەها 68 کەسیش لەسەر هەمان دەسیە دەستگیرکران.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردووە، زانیارییان پێگەیشت لەبارەی بونی گەراجێک لە ناوچەی زوبەیری پارێزگای بەسرە کە بە بەقاچاخبردنی سوتەمەنی بەکاردەهێنرێت.

ئاماژە بەوەشکراوە، تیمەکانی ئاسایشی نیشتمانی پارێزگای بەسرە دوای بەدەستهێنانی بەیاری دادوەر، چونە سەر شوێنەکە و دەستیان بەسەر 97 تەنکەردا گرت کە بەی سێ ملیۆن و 492 هەزار لیتر سوتەمەنی تێدا بو و ئامادە دەکرا بە بەقاچاخبردن، هەر لەو پرۆسەیشدا 68 کەس دەستگیرکران.

ئەوەشخراوەتەوە، لە پرۆسەیەکی ئەمنی دیکەدا دەست بەسەر تانکەرەکدا گیرا کە بەی 45 هەزار لیتر

سوتەمەنی تەدابو ئامادەکرابو بە ئەوەی بە قاچاخ ببرێتە دەرەوەی وڵات، هەر لەو پێسەیدا خاوەنی تانکەرەکەش دەستگیرکرا.